www.kurdistannet.org
25-10-2006 7:49بـەکاتـی ناوەندی ئـەوروپا

## قەدەری ژیان ... شێرکۆ جەلال

ئـەوە ئـەم شـەو ڕەشـە بایـە
یا دەکانت دە هـە ژێـنـێ
منیش هـەروەك كۆرپـەیـەكم
گریـە زوو دێ لـە چاوانم
خـەونـەكانم هـەمووی هـەر تۆن
یادەوەریـی و رۆژگاری كۆن
بـەڵام ئـەمـەش قـەدەرێك بوو گوڵم دەبوا هـەرمن بڕۆم
كـەڕۆژ دادێ چاو هـەڵدێنم
تـەنـها گوڵم تۆ دەبینم
لـە دووری تۆ زۆر بێزارم
لـە نـاخـی دڵ بریندارم
بۆت دەنێرم گوڵێكی سور
لێم ببورە پـەشیمانم
بـەڵام ئـەمـەش قـەدەرێك بوو گوڵم دەبووا هـەر من بڕۆم
یادت دەكـەم هـەموو ساتێ
هـەموو چركـەو هـەموو كاتێ
هـەردەم ئـارەزووی گـەرا نـم
بۆ سۆراغت گوڵـی جوانم
بۆ ژوانێكی وەك جارانم دەوەرە ببە میوانم
بێ بوونـی تۆم پێوە دیارە
ڕەنگم زەردووو دڵ بێزارە
درۆ دەكـەم ئـەگـەر نـەڵێم
ڕێبوارێك نیم لـەرێی عـەشقت
بـەبێ وەستان بـەبێ وچان
بێ گوێدانـە ڕێگای سـەختت
بێ زانینـی یـەكـەم خورپـەی دڵـی پـەستت
بـەڵام ئـەش قـەدەرێك بوو گوڵم دەبووا هـەر من بڕۆم
ئـەم ژیانـە چ ژیانـە
بریـنداری دڵمان بكات
گوڵـی باغـی ئـەوینیشمان
بێ بۆن بكات